وەزارەتی پێشمەرگە: بارەگای حەشدی شەعبیمان لە نەینەوا بردومان نەکردوە



ئەمڕۆ یەکشەممە، وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاتبکردوە، هیچ بارەگایەکی حەشدی شەعبیان لە پارێزگای نەینەوا بردومانکردبێت و ڕاشیدەگەیەنێت، هێزەکانی پێشمەرگە لەم بارودۆخەدا هاوشان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی دیکەی عێراق، ئەرکی پاراستنی ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێدەکەن.

وەزارەتی پێشمەرگە لەڕونکردنەوەیەکدا باوێکردەوە، کەناڵی (یەکی عێراقی - قناة الاولى العراقية) هەواڵێکی باوکردوەتەوە، تێیدا ئاماژە بەوە دەدات کە گوایە هێزەکانی پێشمەرگە بارەگای لیوای (50)ی حەشدی شەعبیان لە پارێزگای نەینەوا بردومان کردوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ئەمە لە وەزارەتی پێشمەرگە، وڵای لەتکردنەوەی تەواوی ئەم هەواڵە، ڕایدەگەیەنین کە سەرلەبەری هەواڵەکە دورە لە ڕاستییەوە، هێزەکانی پێشمەرگە لەم بارودۆخەدا هاوشان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی دیکەی عێراق، ئەرکی پاراستنی

ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێدەکەن و بەڵێنیان بەشداریی هیچ ئێپەڕاسیۆنێکی لەو جۆرەیان نەکردووە".

بەڵام باسی لەوەشکردووە، "وەزارەتی پێشمەرگە بە مافی یاسایی خۆی دەزانێت سکاڵا لەسەر کەناڵی (یەکی عێراقی) تێمار بکات، لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە، کە هەوڵی نانەوەی فیتنە و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەدات لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا".